کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
5-2-2007 14:43 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەیرو سەمەرەکانی کلیپی ئێستای کوردی ... ئاریان تەحسین

لەگەڵ ئەو پێشکەوتنەو تەکنۆلۆژیایەی کەئێستا جیهان بەخۆیەوە بینیوە، ئەمە وایکردووە کە هەموو ئامرازەکانی ناو کۆمەڵگە گۆڕانیان بە سەر دابێت و جۆرێك لە نوێکاری بێتە هەموو بوارەکانی ژیانەوە، بەشێك لەو پێشکەوتنەی کە جیهان بە خۆیەوە بینیەوە لایەنی هونەرە،
یەکێك لەو بوارانەی هونەر کە بۆتە جێ قسەو باسی تاکی کوردی ئەویش لایەنی کلیپە، کە دەتوانین بڵێین لە لایەك بۆتە مایەی دەستخۆشی لەلایەن خەڵکەوە لەلایەکی تریشەوە بۆتە مایەی نیگەرانی خەڵکی، ئێستا کلیپ دەورێکی باڵا دەبنێت بۆ ناساندنی گۆرانیبێژ، بەتایبەت لەگەڵ زۆربوونی ئەو کەناڵە جیهانییانەی کە ئێستا لەهەموو ماڵێکدا هەیە ئەمە وایکردووە گۆرانیبێژ لەماوەی چرکەیەکەدا بەهەموو جیهاندا بناسرێت، جا ئەم بەرهەمە بەرهەمێکی لاواز بێت یان بەرهەمێکی جوان بێت، بۆیە پسپۆرانی بواری هونەریی لە جیهانی ئەمڕۆماندا پێیان وایە کە چۆن گوێ لەزەت لە بیستی گۆرانیەك وەردەگرێت ئاوا چاوەکانیش لەزەت لە بینینی گۆرانی وەردەگرن، بەڵام ئەوەی گرنگە پێویستە بگوترێت ئەوەیە کە ئایا کلیپ بۆچی مەبەستێك بەکاردێ، لەم بارەیەوە هەندێك لە رۆشنبیران پێیان وایە هونەرمەند بۆ ئەوە کلیپ دەکات تاوەکو بەرهەمەکەی بزر نەبێت و حەقی نەسوتێت، بەڵام هەندێکیتریش لە رۆشنبیران پێیان وایە کە کلیپ ئامرازێکە کە هونەرمەند بۆ ناساندنی کلتوری وڵاتەکەی بۆ جیهان بەکاری دێنێت، بەڵام لایەنێکی روون و ئاشکرای هەیە کە خەڵك هەستی پێ ناکات ئەوەیە کە زۆر کەس هەیە لە دنیای ئەمڕۆماندا کلیپ بۆ مەبەستی بەرژەوەندیی خۆی بەکاری دێنی واتە کەسێك کەمێك رووخساری جوان بێت
هەڵدەستێت کلیپێك چاك دەکات ئەمەش زیانێکە لە هونەری کوردی دەکەوێت، بۆیە ئەمە ئەرکێکە دەبێ راگەیاندنەکان بەم کارە هەڵسن چونکە ئەگەر هاتوو هەموو شتێك بڵاو بۆوە ئەوا دوور نییە ماوەیەکی تر زۆربەی خەڵکی کوردستان ببێتە گۆرانیبێژ ئەمە جگە لەوەی کە ئێستا کوردستان ئەوەندە پێویستی بە گۆرانیبێژ نیەو ئەوەندەی پێویست بە کادیری تەکنیکی زانستی و پزیشکی هەیە.
خاڵێکی تر کە زۆربەی دەماقاڵیەکانی ئەمڕۆ لەسەرە ئەوەیە هێنانی ئافرەت بۆ ناو کلیپ، هێنانی ئافرەت شتێك نیە ببێتە مایەی نیگەرانی خەڵکی ئەمە لەهەموو جیهاندا شتێکی باوە بەڵام ئەوەی پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت ئەوەیە تا ئەم ئافرەتانە تا چەند بۆن وبەرامی کەلتووری کوردیان بەسەرەوەیە، یان ئەو جلانەی ئەو ئافرەتانە لەبەر دەکەن تا چەند لەگەڵ دابونەریت کوردەواری خۆماندا دەگونجێنن، بۆیە دوور نییە پاشماوەیەکی تر کلیپەکانمان نیشانەی (12-) لە پێش بدرێت تاوەکو منداڵەکان تەماشای نەکەن کە ئێستا لە وڵاتی جیهان ئەم شێوازە باوە!
یەکێکی تر لە لایەنی خراپی کلیپی کوردی سیناریۆیە کە ئێستا لە کوردستاندا سینارستەکان بە پەنجە دەژمێردێن یان ئەگەر هەشبن شتی تازەیان پێ نییە و هەموو شتی کرچ و کاڵی دەرەوەیان هێناوەتە ناو هونەری کوردیەوە، ئەگەر ئێمەی بینەر بەووردی بڕوانینە ناو کلیپی کوردیەوە ئەوا چەند سیناریۆیەك هەیە بە زەقی لە گشتیان دەبینرێ بۆنموونە (ئۆتۆمبیل شوشتن) زیاتر لە 10 کلیپ ئەم سیناریۆی بەکارهێناوە، لێرەدا ئەگەر کەسێکی بیانی تەماشای کلیپی کوردی بکات پێی وایە کە گۆرانی بێژەکانمان هەموویان کاسبن وئیشی ئۆتۆمبیل شۆری دەکەن، خاڵێکی تر کە زۆر گرنکە ئێمە هەستی پێ ناکەین ئەوەیە تەنسیقی گۆرانی بێژەکان لە گەڵ ناوەرۆکی گۆرانییەکە واتە زۆر جار گۆرانی بێژەکە هەندێك جووڵانەوە دەکات کە هیچ پەیوەندی نییە لەگەڵ ووشەکانی گۆرانییەکە بۆ نموونە هەندێك جار گۆرانییەکە باسی دڵی تێدایە کە چی گۆرانی بێژەکە دەستی بۆ چاوی درێژ دەکاتەوە، من لێرەدا هیچ گوناهێك بۆ گۆرانی بێژەکە دانانێم بەڵکو دەرهێنەرەکە خەتابارە، چونکە ئەگەر تەماشای کلیپە بیانیەکان بکەین هونەرمەندەکە هیچ جووڵانەوە ناکات تاوەکە فەرمانی لە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لایەن دەرهێنەرەکەیەوە بێ نەگات بەڵام لە گۆرانی کوردیدا ئەمە بەهیچ جۆرێك نابیرێت، ئێمە ئەم شتانە بە شتی سادە لەقەڵەم دەدەین بەڵام ئەمە زیانێکی زۆر بە پاشەڕۆژی هونەری کوردی دەدات، هەروەها کارێکی وادەکات کە نەوەی نوێ لە سەر شتە کرچ و کاڵەکان ڕابهێنریت، من لەم نووسینەمدا مەبەستم ئەوە نییە هێرش بکەمە سەر هەندێك لە هونەرمەندان بەڵکو شتی زۆر جوان کراوە لەلایەن چەند هونەرمەندێکی تازە کە مرۆڤ زۆر لە چاو بەرهەمە جوانەکانیان واقی وڕ دەمێنێت، بۆیە دەخوازم لە ئێستاوە دەرهێنەرەکان و سیناریستەکان جۆرێك لە چالاکییان تێکەوێتەوە تاوەکو چیتر تاکی کوردی هەست بەوە نەکان کە بۆشاییەك هەیە لە ناو هونەرەکەیدا.

Aryan_tahsen@yahoo. com

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.